# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ کتێبی
# (خەباتی پێشمەرگایەتی یان کارەسات و ماڵوێرانی)

هیوا ناسیح

ماوەیەک لەمەوبەر کتێبی (خەبات و پێشمەرگایەتی یان کارەسات و ماڵوێرانی) کە هاوڕێ و برای ئازیزم کاک (ئەردەڵان عەبدوڵا) نووسیوەتی و لە ساڵی 2007 لە کەرکوک لە چاپ دراوە، خوێندەوە. ئەم کتێبە کە لە ٢٦٧ لاپەرەی قەبارە مامناوەندی پێکهاتوە، بەوەدا کە لە سەری نوسراوە( کەرکوک 2007) و هیچ ژمارەیەکی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی کوردستان لە سەر نەنوسراوە، دیارە کە یەکێکە لەو کتێبانەی کە لە دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان قاچاغە، هەڵبەتە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە تابۆیانەی کە لەم کتێبەدا نوسراوە و دەستەڵاتی کوردی پێ قەڵس دەبن.

نوسەر کتێبەکەی کردوە بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم: مێژووی پارتیزانی
بەشی دووەم: بزوتنەوەی چەکداری لە جیهاندا
بەشی سێیەم: بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستاندا
بەشی چوارەم: سەرەتای تراژیدیایەکی گەورەتر



لە بەشی یەکەمدا، نوسەر باسی لەسەر چەمک و مانای پارتیزانی، مێژووی ئەم دیاردەیە، هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەم جۆرە لە خەبات و بەرخودان کردوە، کە زانیاری باش و بە سودی تێدایە بۆ خوێنەری کوردزمان.
لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا باس لە پەیدابوون و چۆنێتی ئەم دیاردەیە، ڕەوتی بزوتنەوەکان، ئەنجامیان لە پانزە وڵاتی جیاجیای گێتی لە هەر چوار کیشوەری ئەوروپا و ئەمریکای لاتین و ئەفریکا و ئاسیا دەکات. پێم وایە ئەم بەشە پرسودترین بەشی کتێبەکەیە و زانیاری زۆری بۆ خوێنەر تێدایە، بە تایبەت، کە برای نوسەر سودی لە زۆر سەرچاوەی ئەڵمانی و عەرەبی وەرگرتوە، جگە لە سەرچاوە کوردییەکان. ئەمەش خۆماندوکردنی باشی پێوە دیارە.
بەشی سێیەم، کە باسی بزوتنەوەی چەکدارییە لە کوردستاندا، لە سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، کە نوسەر بە (هەراکەی ئەیلول) ناوی دەبات!! هەروەها دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەوتی شۆڕشەکە و کودەتاکەی قاسم و بوونی بارزانی بە سەرۆکی ئەو حزبە و ...هتد گرتوێتە خۆ، کە قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت و من لەم وتارەدا بە کورتی هەندێک لێی دەدوێم.

بەشی چوارەمیش بریتییە لە گەورەترین بەش، کە نزیکەی هەشتا لاپەرەی کتێبەکەی گرتوێتە خۆ. نووسەر لەم بەشەدا کە وەک ڕاپۆرتێکی خودی نوسەر وایە لە سەر شۆڕشی نوێ (دوای ئاشبەتاڵ یان هەرەس) و سەرهەڵدانی یەکێتی نیشتیمانی، گەڕانەوەی پارتی و کوڕانی بارزانی بۆ شاخ، شەڕەکانی براکوژی نێوان حزبە کوردییەکان لە

شاخ، حسک، نووسەرانی کورد و شۆرشی نوێ، ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش، کارەساتی ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، زەرەر و زیانەکانی بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستاندا، بۆچی ئەم خەباتە هەڵە بوو؟ سیاسەتی ینک و پدک پاش ڕاپەرین و هەڵەکانی ئەم دوو هێزە سەرەکییەی باشوری کوردستان، دیاردەی ژنکوشتن، تیرۆری سیاسی بە دەست و لەژێر دەستەڵاتی ئەم دوو هێزەدا، کڕینی نووسەران لە لایەن ئەوانەوە و دیاردەی ناوچەگەری. دیارە باسێک لەم هەموو بابەتانە بدوێت، بێگومان کەموکوڕی و ڕەخنەی تێدەکەوێت. بەتایبەت کە برای نووسەر نەهاتوە ڕاپۆرتێکی مێژوویی بنووسێتەوە، بەڵکو ڕاو سەرنجی خۆی، هەڵوێست و بۆچوونی خۆی، رخنەی خۆی لە سەر زۆربەی ڕوداو و بەسەرهاتەکان دەربڕیوە.
پێم وایە ئەم بەشە لە کتێبەکە زۆر هەڵدەگرێت، کە دەکرێت دەیان لاپەڕەی لەسەر بنووسرێت. من بە کورتی لە چەند خاڵێکی ئەم بەشەش دواوم.
لە کۆتایی کتێبەکەدا وەک پاشکۆیەک، دوا وشە، سەرچاوەکان، چەند وێنەو بەڵگەنامەیەک دەگرێتەخۆ، بڵاوکراوەتەوە.

## زانیاری و ڕایەکانی نووسەر:

ـ نووسەر کتێبەکەی پێشکەشی گیانی پاکی گاندی مەزن و (مامۆستای شۆرش) نیلسۆن ماندێلا کردوە، نازانم ئەی بۆ هاوکات پێشکەشی قازی محەمەد (پێشەوا)ی کوردیشی نەکردوە، ئایا ئەویش مهاتما گاندیی گەلی کورد نییە ؟؟!!
ـ لە ل١٢ وە جارێکی تر لە ل ٧٣ دا نووسەر ئازادکردنی کوبا لەلایەن شۆڕشگێرەکان بە سەرکردایەتی کاسترۆ و گیڤارا بە (داگیرکردن) ناودەبات !! لە کاتێکدا دەیتوانیت لە بری ئازادکردن لای کەمی وشەی (دەستبەسەراگرتن) بەکاربهێنێت، کە بێلایەنانەیە.
ـ لە ل١٥ دا هاتوە (تورک بە ناوی ئیسلامەوە کەوتنە پەلاماری جیهان. گیڤاراش بە ناوی شۆرشەوە دەیویست پەلاماری هەموو جیهان بدات)!! بە ڕاستی نووسەر بەم بەراوردە ناهەقییەکی گەورەی کردوە، ئاخر لە کوێ تورک، کە دەیانویست بە خوێنڕشتن خاکی جیهان داگیر بکەن بە گیڤارا دەچوێنرێت؟؟!! نازانم بەڵگە بۆ ئەم قسەیە چییە ؟؟

ـ لە ل١٦ دا نووسەر باس لە کتێبەکەی چ.گیڤارا دەکات، کە سەربوردەی ژیانی خۆیەتی و بە (بیۆگرافی) ناوی دەبات، لە کاتێکدا، ئەو کتێبە دەچێتە خانەی بیرەوەری وە یان ( ئۆتۆگرافی)ەوە، چونکە، بیۆگرافی بە سەربوردەی ژیانی کەسێک دەوترێت کە کەسێکی تر نووسیبێتیەوە نەک خۆی، ئەوی خۆی بەم کارە هەستێت، پێی دەوترێت (ئۆتۆگرافی).
ـ ((ئەم ڕێبازەی گیڤارا، گەورەترین زلە (زیان جوانترە ـ ە. ن) ی لە گەلانی ئەمریکای لاتیندا...))ل٢٣، باشە گەر ئەو پارتیزانە ناسراوە, گەورەترین زیانی لەو گەلانە دابێت، بۆچی وا نزیکەی نیوسەدە پاش گیانبەختکردنی، ئێستاش هەر لای ئەم گەلانە خۆشەویست و بەرێزە و وێنەکەی لە سەر سنگ و دیواری زۆربەی ماڵەکاندا هەیە؟ ئایا کاک ئەردەلان پێمان دەڵێت، کاتێک لە پۆلیڤیا (ئیڤۆ مۆرالیس)ی کورە هەژار و پاڵپشتی خەڵکی زەحمەتکێش سەرەڕای هەوڵی چەپەڵانەی ئەمریکای زلهێز بۆ شکستپێهێنانی، بە سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا، بۆ لە رۆژنامە ناسراوەکانی جیهاندا مانشێتی ( گیڤارا گەڕایەوە) یان (گیڤارا زیندوو بووەوە) یان لێدابوو؟؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە، کە گیڤاراش ئاوا خۆشەویستی هەژاران و ڕەشوڕوتەکان بووە ؟؟

ـ لە ل ٢٦ دا هاتوە، کە گیڤارا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە (نۆکەری ئیمپریالیست) داناوە. باشە لە کام سەرچاوە ئەم وتەیە وەرگیراوە؟؟ خۆزگە نووسەر ناوەکەی دەنووسیت.

ـ لە ل٤١ دا دەڵێیت (... هەر بۆیە پارتیزانەکان بەرپرسی یەکەمن بەرامبەر بەو سیاسەتەی جینۆسایدەی، کە لە دژی جوتیاران دەکرێت)!!!. بەراستی لێرەدا نوسەر هەڵسەنگاندنێکی زۆر هەڵە و نابابەتیانەی بۆ مەسەلەکە کردوە،

باشه با گریمان پارتیزانەکان هەندێک بەرپرسیارەتییان بکەوێتە سەر شان، بەڵام بۆ (بەرپرسی یەکەم) بن!!!؟؟

ـ نوسەر کاتێک باس لە پارتیزانەکانی کوبا دەکات، کە شاری هافانایان ئازاد کردوە، دەڵێت (داگیریانکرد ل١٢ و ل٣٧) کەچی کاتێک باس لە پارتیزانەکانی یۆنان دەکات دەڵێت (بەداخەوە ئینگلیزەکان توانییان بە سەر سوپای رزگاریخوازی یۆنانییەکان سەربکەون...ل٥٣)!! باشە ئەمە پێوانەکردن نییە بە دوو پێوانە، ئایا پارتیزانەکانی هەر دوولا دژی داگیرکاری و دکتاتۆریەت و چەوساندنەوە خەباتییان نەدەکرد ؟؟!!

ـ ل ٨٤ کاک ئەردەڵان لە باسی ڕێککەوتنی دوای جەنگی ناوخۆی سودان لە نێوان حکومەتی سودان و سوپای رزگاریخوازی سودان دەنوسێت (... سەیر لەوەیە سەرکردەکانی هەردوولا هێندە بێشەرمن، چەندین ساڵە بە ناوی نەتەوە و ئاینەوە شەرێکی گەورەیان ناوەتەوە، کەچی لە کۆتاییدا وەک دوو برا ڕێکدەکەون و پێدەکەنن..)، نازانم نوسەر مەبەستی ئەوەیە مادام ئەوان جەنگیان کردوە، ئیتر نابێت ئاشتی بکەن و ڕێکبکەون، یان پیکەنین دوای ڕێککەوتنی شەر قەدەغەیە ؟؟!! ئایا من لێی دەپرسم هەر ئاشتی کۆتایی شەر و ماڵوێرانی بێت باشتر نییە ؟؟ ئەی چارەی شەر چییە، جگە لە دانیشتن و گفتوگۆ و ڕێککەوتن و ئاشتی و پێکەنین وەک دووبرا ؟؟

ـ ل ٩٤ لە باسی وڵاتی چین دوای بیری ماویزم دەکات و ستایشی دەکات و پێی هەڵدەڵێت و دەنوسێت (بەم جۆرەش جارێکی تر ئاسۆی ڕۆژێکی ڕوناک وڵاتە مەزن و کۆنەکەی چینی گرتەوە.... وائەمڕۆ دەبینین کە چۆن چین بۆتە وڵاتێکی مەزن و یەکێکە لە هێزە گەورەکانی سەدەی نوێمان..هتد). نازانم برای نوسەر بۆ خۆی لە باسی نادیموکراتیبوونی سیستەمی ئێستای چین و چەوساندنەوەی کەمینە ئیتنییەکانی وەک تیبتییەکان دەدزێتەوە، ئەرێ قەسابخانەی مەیدانی (تیان مین) ی ساڵی ١٩٨٩ی بیرچۆتەوە؟؟ کە تییایدا چەندان هەزار خوێندکاری زانکۆ بوونە قوربانی؟؟ ناکرا بۆ باشتر ناسینی ئەو سیستەمە بە دێڕێکیش باسی بکات ؟؟

ـ ل ١٠٢ کاتێک باس لە بزوتنەوەی چەکداریی رزگاریخوازی فەلەستین دەکات دەنوسێت (... هەرچی شێوازی ناشرین و ناشارستانی هەبوو لە دژی دەوڵەت و گەلی ئیسرائیل بەکاریان دەهێنا. بە شێوازێکی زۆر فاشیستانە و نازییانە...هتد). دیارە من ناڵێم فەلەستینییەکان کەم و کوری و هەڵەیان نەبوو، بەڵام ئایا نازانم بۆ نوسەر باس لە تاوانە قێزەونەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلیش بەرامبەر ئەوان ناکات ؟؟ ئایا ناکرێت بڵێین ئەو هەڵانەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی فەلەستین پەرچەکرداری کارە دڕندانەو نامرۆڤانەکانی سوپای ئیسرائیل، وەک قەسابخانەکانی سەبرا و شاتیلا بوو؟؟

ـ ل١٢٦ لە باسی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولدا، دەنوسێت ( جارێکی تریش سەرۆک خێڵێک لە بەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئاگرێکی گەورەی بۆ خەڵکی ڕەشوروتی کورد نایەوە...) جارێ پێم وایە برای نوسەر بە دەربڕینی (جارێکی تریش) هەموو سەرهەڵدان و بزوتنەوەکانی تری پێشوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە ئەمە بە ڕای من ناهەقییە. ئاخر هەرچی بابەتییانە هەڵسەنگاندنێک بۆ سەرهەڵدان و ڕاپەرینەکانی کورد بکات لە مێژوودا، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت، کە هەموویان ئەنجام بوونە نەک هۆکار، واتە لە ئەنجامی چەوساندنەوە و داگیرکردنەوە هەڵگیرساون، پاشان سەبارەت بە سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکان لە لایەن سەرۆکخێڵ و پیاوانی ئاینییەوە، ئەمە گەر بە چاوی شوێنکات سەیری ئەو ڕوداوانە بکەین، ئەوان تەنها کەسایەتییەک بوونە کە بتوانن ڕابەرایەتیی ئەو سەرهەڵدانانە بکەن، چونکە ئۆتۆریتە و نفوزیان هەبووە. بەڕای خۆم پێم وایە بارزانی سەرەڕای هەموو ئەو کەموو کوری و هەڵە زۆرانەی کردونی، بەڵام ڕەوایەتیی خۆی وەک سەرکرەیەکی گەلێکی ئازادیخواز و بزوتنەوەکەی وەک شۆڕشی گەلێکی چەوساوە لە دەست نەداوە.

ـ ل ١٣٤ نوسراوە ( ئیبراهیم ئەحمەد...مەلاموستەفای گەورە کرد و کردی بە سەرۆکی پارتی...) لام وایە ئەمە ناراستە، لەسەر ئەو باسە مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبی (کوردستان و شۆڕشەکەی) جوانی پێکاوە، کە لەو کات

و سەردەمەدا پارتی پێویستی بە بارزانی بووە نەک بارزانی بە پارتی، تا پێی گەورە ببێ، چونکە ئەو سەردەمە کەس دوای کەسێکی (سەر ڕووت و ئەهلی قەڵەم) نەدەکەوت.

- ل ١٤٤ دەربارەی بارزانی دەنوسێت (... مەلا مستەفاش هیچ جیاوازییەکی لەگەل دیکتاتۆرەکانی تری جیهاندا نەبووە)!! بەراستی لام وایە ئەم دەربڕیینە زۆر توند و ناراستە، ئاخر دەکرێت بۆ نمونە بێین و بڵێین فلان هەڵوێستی یان کاری بارزانی ناڕاست و توندڕەوانە بووە، بەلام چواندنی بە دیکتاتۆرەکانی تری جیهان وا بە ڕەهایی، پێم وایە ناهەقییە بەرامبەر ئەو سەرکردەیە.

- ل ١٤٦ دەڵێت ( هیچ سەرکردەیەکی کورد پێش مەلا موستەفا جنێو و قسەی ناشرینی بەکار نەهێناوە...) نازانم دیسان ئەم بڕیارە ڕەهایە چۆن و بۆ ؟؟ ئایا کاک ئەردەڵان بەڵگەی چییە لەسەر ئەم وتەیە؟؟.

- ل١٥٧ لە باسی ئاکام و ڕوداوی ١٩٧٥ و (قوربانییانی ئاشبەتاڵ)دا دەنووسێت (سەدان کەس لە داخاندا خۆیان خنکاند)، پێم وایە ئەم ژمارەیە زیادرەویی پێوە دیارە، بۆ نمونە من باوکم لەو سەردەمەدا پێشمەرگە بووە و باسی چەندان کەس دەکات کە لە داخی ئەو کارەساتە توشی (شۆک) بوونە و خۆیان کوشتوە، پاش بیستنی هەواڵەکە، بەڵام (سەدان کەس) خۆیان خنکاندبێت !!، ئەمە زۆرە و جێگای بڕواکردن نییە، خۆزگە کاک ئەردەڵان لای زۆریی (دەیان) ی دەنوسیت.

- ل١٦٤ نوسراوە ( بنەماڵەی مەلا مستەفا هێندە بێئابڕون، لەوکاتەی کە ئەمریکا هەرەسی بە کورد هێناوە، کەچی ئەوان لە ئەمریکا نیشتەجێ بوون) لام وایە ڕەخنەکەی لەجێی خۆیەتی، بەڵام بۆ بەو دەربڕینە توندە و جوێنەوە ؟؟

- ل١٦٩ سەبارەت بە خوێندنی مام جەلال لە کۆلیجی یاسا دەنوسێت ( لەبەر ئەوەی باوکی جەلال نزیکی حکومەت بوو دەستی باش دەڕۆیشت و جەلال توانی لەو کۆلیژە وەربگیرێت...) من دەڵێم لەو سەردەمەی کە بەڕێزت باسی دەکەیت، مام جەلام دوو سێ جار لە خوێندنەکەی لە سەر کاری سیاسی (فەسڵ) کراوە و دابڕاوە، گەر باوکی ئەو پیاوی حکومەت بووە و دەستی ڕۆیشتوە، بۆچی نەیتوانیوە کارێکی وا بکات کورەکەی فەسڵ نەکرێت و خوێندنەکەی تەواو بکات ؟؟

- ل ١٩٠ لە باسی (ئینشیقاق)ی ئالای شۆڕش لە یەکێتی بە ڕابەرایەتی مەلا بەختیار دەنوسێت ( سالانێکی زۆر بە ناوی عێراقچییەتی شەڕێکی ناڕەوایان هەڵگیرساند سەدان کەس بوونە قوربانی...هتد)!! نازانم نوسەر مەبەستی لە کام (سەدان کەس)ە یە ؟؟ ئایا لە نێوان یەکێتی و ئالای شۆڕشدا شەڕی وا گەورە ڕویداوە، کە سەدان کەس ببنە قوربانی ؟؟!!

- لە ل٢٠٢ و لە (پرسیارێکی گرنگی بێ وەلام) سەبارەت بە قوربانی کورد لە شەڕی چەکداریدا دەنوسێت (ئایا گەر هەموو گەلی کوردستان بەشێوەی خۆپیشاندان دەستی بە خەبات بکردایە، ٢٠٠ هەزار کەسی لێدەکوژرا؟؟!!) دیارە ئاشکرایە کە وەلامەکە (نەخێر)ە، بەڵام خۆزگە نوسەر بۆمانی دەنوسیت، کە ئایا لە ئەو سەردەمەی کوردستاندا هیچ پارتێکی وا هەبوو بتوانێت هەموو گەلی کورد بۆ ڕاپەڕینێکی ئاوا ساز و ئامادە بکات؟؟؟

- ل٢٠٧ دەنووسێت (خەڵکی قارەمانی کوردستان لە بەهاری ١٩٩٢ دا ڕاپەڕینێکی مەزنی ئەنجامدا...) جارێ ئەو ڕاپەڕینەی نوسەر باسی دەکات ساڵی ١٩٩١ بوو نەک ١٩٩٢، پاشان بەڕاستی لە باسکردنی ئەو ڕاپەڕینەدا کاک ئەردەڵان هەر تەواو ڕۆڵی حیزبەکان و بەرەی کوردستانی پشتگوێ خستوە، کە لای کەمی لە ڕووی مەعنەوی و ڕاگەیاندنەوە سەرەڕای ئەو مەفرەزانەی دابەزینە ناوشار بۆ هاوکاریی جەماوەر، کەس ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵیان بکات، بەڵام چەندێتییەکەی قسە هەڵدەگرێت.

ـ ل٢٣٩ له باسی نوسه‌ران و شاعیران و ڕوناکبیرانی کۆنی کورددا، ده‌نوسێت (... ئه‌مانیش به گشتی له‌گه‌ڵ ده‌سته‌ڵاتی سیاسیدا بوون، تاک و ته‌را که‌سێکی وه‌ک قانیع ده‌بینین، له ده‌سته‌ڵات یاخی بووه). پێم وایه نوسه‌ری به‌ڕێز لێره‌شدا به هه‌ڵه‌دا چووه، چونکه ئه‌و نوسه‌ر و ڕوناکبیرانه‌ی دۆستی ده‌سته‌ڵاتی سیاسی بوونه که‌مینه بوونه نه‌ک زۆرینه، به‌ڵگه‌ش سه‌یری هه‌ڵوێست و شیعر و به‌رهه‌مه‌کانی ( بێکه‌س، موفتی پێنجوێنی، گۆران، هێمن، کامه‌ران موکری، جگه‌رخوێن، زێوه‌ر، پیره‌مێرد، جه‌میل سائیب و ...هتد) بکه‌ین، ده‌رده‌که‌وێت وا نه‌بووه و زۆربه‌یان سه‌ر به به‌ره‌ی گه‌ل و میلله‌ت بوونه و قوربانیشیان له‌م پێناوه‌دا داوه.

ـ ل٢٤٦ ده‌نوسێت (جه‌لال و مه‌سعود دوو فۆتۆکۆپی خوله‌پیزه‌ن)، من پێم وایه جاری ناوهێنانی دوو سه‌رکرده‌ی کورد به‌و شێوه‌یه، به هه‌موو هه‌ڵه‌کانیشیانه‌وه، شیاو نییه، پاشانیش هه‌ڵسه‌نگاندنه‌که‌ی زۆر ناته‌واو و ناڕاسته.

## ڕایه‌کی پێچه‌وانه و هاودژی:

له‌م کتێبه‌دا برای نوسه‌ر زۆر ڕه‌شبینانه ده‌ڕوانێته خه‌باتی پێشمه‌رگایه‌تی کورد و خه‌باتی پارتیزانی به‌گشتی له جیهاندا، وه خوێنه‌ر له ناونیشان و ناوه‌ڕۆکی کتێبه‌که‌یدا تێده‌گات، که ده‌یه‌وێت بڵێت: به خه‌باتی چه‌کداری هیچ گه‌لێک نه‌گه‌یشتوه به ئامانجه‌کانی و جگه له کاره‌سات و ماڵوێرانی هیچ ئه‌نجامێکی لێ نه‌که‌وتۆته‌وه!! وه‌ک له ل٢٤٦ دا ده‌نوسێت (پێویسته ئه‌وه تێبگه‌ین، که هیچ کاتێک بزوتنه‌وه چه‌کداره‌کانی جیهان له هیچ شوێنێکی ئه‌م شوێنه پان و به‌رینه‌دا سه‌رکه‌وتنیان به ده‌ست نه‌هێناوه) که من له‌گه‌ڵ راکه‌یدا نیم و پێم وایه، ئه‌م ڕایه زۆر ڕه‌هایانه‌یه و چه‌ندان گه‌ل و وڵات به‌م جۆره خه‌باته ئازاد بوونه وه‌ک: نیکه‌راگوا، سلڤادۆر، ڤیتنام، لاوس، که‌مبۆدیا، جه‌زائیر، نوێترینیشیان خه‌باتی پارتیزانه‌کانی نیپاڵ بوو، که له‌م نزیکانه سه‌رکه‌وتنی به ده‌ست هێنا. پاشانیش بیرمان نه‌چێت سه‌رکه‌وتنیش شتێکی ڕێژه‌ییه.

سه‌یر ئه‌وه‌یه، که نوسه‌ر له (دواوشه)دا ل٢٤٥ ده‌ڵێت (...هه‌ر که‌سێک هانای بۆ چه‌ک و توندوتیژی برد، مانای دوورکه‌وتنه‌وه‌یه له فکر و عه‌قڵانییه‌ت)!! که‌چی له هه‌مان په‌ره‌گرافدا دوای چه‌ند دێرێک ده‌نوسێت (هه‌رکه‌س ته‌نها له ڕێگه‌ی ماسولکه‌وه چاره‌سه‌ری کێشه‌کانی کرد، که‌سێکی ده‌به‌نگ و دواکه‌وتوه)!! تکایه سه‌رنجی وشه‌ی (ته‌نها) له‌م ڕسته‌یه‌دا بده‌ن! لێره‌دا هاودژییه‌ک له بیروبۆچونی نوسه‌ردا هه‌یه، وه‌ک کورد ده‌ڵێت (خۆی شه‌رعی خۆی کردوه)، چونکه وشه‌ی (ته‌نها) ئه‌وه‌مان پێ ده‌ڵێت، که به‌ڵێ ده‌کرێت هانا بۆ هێز و توندوتیژیش به‌رین به‌ڵام ئه‌مه (ته‌نها) ڕێگه نه‌بێت، یان ته‌نها هێز به‌کار نه‌هێنرێت.

نوسه‌ر له بابه‌تی خه‌باتی چه‌کداریی شۆڕشی کورددا ١٠٠%ی ڕه‌خنه‌کانی به‌رامبه‌ر یه‌کێتی و پارتییه له سه‌رده‌می شاخدا، که‌چی یه‌ک ته‌نها ڕه‌خنه‌ش له کۆمه‌ڵه و دیموکرات و پژاک له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان و پ‌ک‌ک‌ا له باکور ناگرێت؟؟!! که پێم وایه ئه‌مه له بابه‌تییانه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی که‌م کردۆته‌وه. پاشان هیچ جێگره‌وه‌یه‌ک (ئه‌لته‌رناتیڤیک) بۆ خه‌باتی چه‌کداری دانانێت، بۆ نمونه من له کاک ئه‌رده‌ڵان ده‌پرسم ئایا ئێستا پارتی کرێکاران چی بکات، ته‌سلیمی حکومه‌تی فاشی تورکیا ببنه‌وه و هه‌موویان بچنه زیندان ؟؟! ئایا ئه‌وه چاره‌سه‌ره یان درێژه‌دان به خه‌باتی چه‌کداری به ناچاری، که من دووه‌میانم پێ په‌سه‌ندتره.

## لایه‌نی زمانه‌وانی:

به‌داخه‌وه ئه‌م کتێبه‌ی کاک ئه‌رده‌ڵان به پێچه‌وانه‌ی ئه‌و وتاره ئه‌ده‌بییانه‌ی ده‌ینوسێ تژیه له هه‌ڵه‌ی زمانه‌وانی له‌وانه‌ش:

١ـ زۆر وشه‌ی بیانی تێدابه‌کارهاتوه، که به‌رامبه‌ریان وشه‌ی باو و ساده‌ی کوردی هه‌یه، هه‌ر بۆ نمونه: مه‌سئوله‌کان ل١٤، ته‌قه‌بول ل٣٦، ئه‌گره‌سیڤانه ل، ته‌حه‌مول ل٤١، قه‌ره‌چه‌ناخ ل٧٤، به‌شه‌ریه‌ت ل١٥، مه‌سائیلی سیاسی ل١٣٠ ، خلافات ل١٣٩...هتد.

٢ـ له چه‌ندان شوێن جوێن و وشه‌ی ناشرین وه‌ک سیفه‌ت و باسی که‌سه‌کان، که دوورن له زمانی ئه‌ده‌بی سیاسییه‌وه

بەکارهاتوە، بۆ نمونە: قەشمەری ل ١٦، بێ ئابڕوو ل ٦٤ ( بەداخەوە ئەم وشە ناشرینە زیاتر لە ٥ تا ٦ جار لە شوێنی جیاجیادا بەکارهاتوە)، چەقۆکێش ل١٠٦، چەرچی ل١٦٦، کەچەڵ ل١٧٥، فێڵباز ل١٧٥، بێشەرم ل١٧٨، گەوجانە ل١٨٦، دووڕوو ل، کەڵەگا ل١٩٦،دەبەنگ ل٢٤٥.

٣- لە رووی ڕێنوسەوە زۆر هەڵەی تێدایە، بۆ نمونە:لە کۆتایی دا ل٨٤، کە راستییەکەی ( لە کۆتاییدا) یە، رەش و ڕووت ل١٢٦، ڕاستییەکەی(ڕەشوڕووت)ە واتە یەک وشەیە نەک دووان...هتد.

٤- لە ڕووی خاڵبەندییەوە زۆر هەڵەی تێدایە، کە لە ژمارە نایەن، هەر بۆ نمونە لە چەندان شوێن وێرگوڵ (فاریزە) و خاڵی کۆتایی ڕستە دانراوە، کە هیچ پێویست نییە، کەچی لە شوێنی دی کە پێویستە دانەنراوە.

٥- لە زۆر شوێن وشە دووبارە و سێ بارە بوونەتەوە، کە ئەمە لە زمانی نووسیندا هەڵەیە، یان وشەیەکی پێویست هەیە پەریوە، کە دەبوو گەر ئەمە هەڵەی چاپیش بوایە هەڵەچن ڕستی بکردایەتەوە، بۆ نمونە: ل١٣٠ لە سێ دێڕیدا بەسەریەکەوە سێ جار وشەی (لەبەرئەوە) دووبارە بۆتەوە. ل١٣٨ نوسیویەتی (...شیعرگەلێکی زۆری بۆ بارزانی گوتوە) نازانم ئەم ڕستەیە کە (گەلێ)ی هەبێ ئیتر (زۆر)ی بۆ چییە؟؟! ل١١٨ نوسراوە (دیارە سمکۆ لە هەموو سەرکردەکانی تری کورد، بە تەنگ دەوڵەتی سەربەخۆیی کورد و ... بووە) بە ئاشکرا دیارە، کە دەبوو لە بری ئەو فاریزەیە وشەی (زیاتر) بنوسرایە.

## ئەنجامگیری:

ئەوی لە کۆتاییدا دەمەوێت بیڵێم،لە راستیدا هەر دەستبردن بۆ ئەم جۆرە بابەتە و باس کردنی خاڵە گەش و ڕەشەکانی خەباتی چەکداریی کورد و جیهانی جەسارەت و جورئەتێکی ئەدەبییە لە لایەن کاک ئەردەڵانەوە، هیواداریشم لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا هەڵە و کەموکورتییەکانی ئەم چاپەی راست بکاتەوە.

ئەم کتێبە سەرەڕای ئەوەی کە زانیاری باشی لە سەر خەباتی پارتیزانیی لە جیهاندا تێدایە، لە راستیشدا لە چەند جێگایەک هەندێ وتە و ڕستەی جوانم خوێندەوە تیایدا، بۆ نمونە:

- ل ١٠٦ سەبارەت بە مولازم موحسین، کە ئەفسەرێکی فەلەستینی زۆردار و خوێنڕێژی بەعسی بوو لە سلێمانی ساڵانی هەشتاکان دەنووسێت (ئەم کابرا نەخۆشە دەیەویست داخی شەرەفی دۆڕاوی عەرەب بە خەڵکی کورد برێژێت.).

- ل١٣٩ سەبارەت بە ناردنی چەکدار لە لایەن بارزانییەوە بۆ سەر بارەگای سەرکردایەتی پارتی ساڵی ١٩٥٩ و لادانی هەمزە عەبدوڵا بە هێزی چەک و دانانی ئیبراهیم ئەحمەد لە جێگەکەی بە سکرتێری پارتی، دەنوسێت ( ئەمەش یەکەم جار بوو لە مێژووی سیاسی کورددا، بۆ یەکلاکردنەوەی خلافاتی سیاسی و فکری هانا بۆ چەک و زۆر ببرێت).

- ل١٤٠ باس لەوە دەکات، کە گروپەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بەوە رازی بوون و لایان ئاسایی بوو، کە بارزانی بە هێزی چەک ئەو کارە بکات، کەچی کاتێک ناوبراو چەکی دژی ئەمانیش بەکار هێنا لە پڕێکدا ئەم سەرکردەیە بوو بە (دیکتاتۆر و ملهوڕ!!).

- ل١٥٣ دەڵێت (هەموو ئەمریکا دەناسین، ئەو وڵاتەی کە لەوەتەی دروست بووە هەر خەریکی پەلاماردان و چەتەگەریی بووە)

ل١٧٧ ڕەخنەی زۆر توند لە حزبی شیوعی عێراق دەگرێت، کە پێم وایە نوسەر لێرەدا لە سەر هەقە و بۆ نمونەش هەڵوێستێکی عەزیز محەمەد دەهێنێتەوە، کە لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی سێیەمی حزبیاندا ساڵی ١٩٧٦ لە بەغدا، وە سف و ستایشی بەعسی کردوە و پاشان کەوتۆتە هێرش بۆ سەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و شۆڕشەکەی بە جۆرێک ڕێکەوتنی ١٩٧٥ی جەزایر و ئەو کارەساتەی بە (دەسکەوتێکی گرنگ بۆ گەلی عێراق) داناوە، پاشان شۆڕشی ئەیلولیشی بە (تمرد اليميني الرجعي المسلح) ناوبردوە، کە بە کوردییەکەی دەکاتە ( هەڵگەڕانەوەیەکی ڕاستڕەوانەی دواکەوتوخوازانەی چەکداریی!!)ە. کەچی دواتر کە حزبی بەعس زۆریان بۆ دێنێت و لانەیان لێ تێک

دەچێت ئەو (پێشکەوتوخوازانە) هانا دێننەوە بەر  شاخەکان و (دوکەوتوخوازە ڕاسترەوەکان)ی کورد!! منیش دەڵێم دەبێت ئێستا برایانی حزبی شیوعی کوردستان و کاک عەزیز محەمەد لە سەر ئەو هەڵوێستەی ئەو کاتەی چی بڵێت، کە سەددامیان بە (کاستڕۆی عێراق) ناودەبرد؟؟

.

بە هەر حاڵ ئومێدەوارم، کە کاک ئەردەڵان رەخنە و سەرنجەکانی ناو ئەم وتارەم بە دڵێکی فراوانەوە لێ وەربگرێت و بۆ باس و بەرهەمەکانی داهاتوشی سودی لێ ببینێت. هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زۆرتر و بە پێزتریشی بۆدەخوازم.

hiwanaseh@hotmail.com

**<u>تێبینی</u>: بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە کلیکی ئەم لینکە بکەن:**

http://www.klawrojna.com/images/stories/library/xabatipismargayati.pdf